# هۆکارەکانی بەکارخستنی فیطڕە
# ئایا هەموو زیندووەکان فیطڕەیان هەیە؟

فیطڕە" بریتییە لەو ئامێرەی کە خودای ڕەحمان لەناو هەموو زیندووان دروستی کردووە، تا بتوانن بە ئاسانی چاکەو خراپە لەیەکتر جیا بکەنەوە. ئەو حاڵەتە خیلقیەی کە لە مرۆڤدا هەیە هاویەکبوون لەگەڵ هەموو دروستکراوەکانی تر دروست دەکات، لە هەمان کات بەشێکی تر لە ناخی ئەو مرۆڤەدا دروستکراوە، کە پەیوستە بە فیطڕە.





**(هەموو زیندووان فیطرەیان هەیە)**

## فیطڕە چییە؟

**فیطڕە" بریتییە لەو ئامێرەی کە خودای ڕەحمان لەناو هەموو زیندووان دروستی کردووە، تا بتوانێت بە ڕێژەیەکی دیاریکراو چاکەو خراپە لەیەکتر جیا بکاتەوە.**

بەڵگەی دروست، بە نموونە" ئەمیبا دێنینەوە کە دروستکراوێکی بچووکەو بە میکرۆسکۆب نەبێ نابینرێت. زانایانی بایەلۆجی هەموویان هاوڕان لەسەر ئەوەی ئەمیبا پەردەیەکی هەیە، ئەو پەردەیە توانای هەڵمژینی هەڵبژاردەیی هەیە، واتە" ئەو ئاوە پیسانە یان هەر ئاوێك وەربگرین توێژێك، دڵۆپێك، تنۆکێکی لێ وەرگری و بیخەیتە سەر شووشەی تاقیگەو لە ژێر میکرۆسکۆب دەبینین مەخلوقاتی زۆری تێدایە. زانایان هەموو لەسەر ئەوە هاوڕان ئەو ئەمیبایە پەردەی پلازما لە ژینگەی دەرەوەی جیای دەکاتەوەو پارێزگاری لێ دەکات و لە دەرەوەی لەشی خۆی توانای بژاردەکردن و هەڵمژینی مادده چاکەکانی هەیە، بە چی؟ بە عەقل.
کێ ئەو کۆنترۆلە، ئەو توانایەی داوەتە ئەو ئەمیبایەی کە لەیەك خانە دروست بووە؟ خودای ڕەحمان.
دەڵێن ئەم ئەمیبایە عەقلی نییە، بەڵام فیطڕەی هەیە، لە کاتێکدا ئەو ئەمیبایە لەو ژینگەیەی تێیدا دەژییت دەزانی نەوت زیانی هەیە، لۆیە نەوتەکە هەڵنامژێت، تەنیا ئەو ماددانە هەڵدەمژێت کە سوودی لۆ لەشی هەیە، کەچی زیندەوەرێکی تاك خانەی زۆر بچووکە.

## ئایا ڕووەکیش فیطڕەی هەیە؟

ئەگەر هێدی هێدی بچینە سەرەوەتر کلامیدۆمۆناس، پارامیسیۆم ئەوانە چینی پەرەسەندووتری (متطور) خیلقین، خودای ڕەحمان هێدی هێدی ئەوانەی بە چین چین داناوەو پەرەسەندوون لە خیلقییەتی خۆیان هەتا دەگاتە ڕووەك، ڕووەکیش خودای ڕەحمان فیطڕەتێکی داوەتێ ئەو ڕەگەی لەناو زەوییە بە ویستی خۆی نەبێت و بەم جۆرەی خۆی نەیوێت هیچ شتێك وەرناگرێت، واتە" ڕووەکەکە باڵادەستە لەسەر چەندێتی وەرگرتنی ئاو و جۆری وەرگرتنی ماددەکە، پێویستی بە خوێ هەبێ خوێ وەردەگرێت، ماوەیەکی تر پێویستی پێی نییە با هەموو دەورووبەری خوێی لێبێت خوێ وەرناگرێت، چونکە پێویستی پێی نییە، پێویستی بە بڕێك ئاو هەیە، بە جۆری ئاو هەیە تەنها ئەو جۆرە ئاوە وەردەگرێت، ئەگەرنا یاخیبوونە لە فیطڕەتی خۆی، ئەگەر تێبینیتان کردبێت کاتێك پرتەقاڵ و لالەنگی و ئەوانە کە بەروبوومەکەی پێ دەگات، بەڵام تا وەرزی پاییز بە دارەکەوە بمێنێتەوە ئەوا هەرچی ناوەڕۆکی پرتەقاڵ یا لالەنگییەکە هەمووی هەڵدەمژێت، ئەوەی خاوەن باخچەیە یان لە باخچە کاری کردووە بینیویەتی، ئەو فیطڕەیە خودای ڕەحمان بەخشیتیە ئەو بوونەوەرە، بەهەمان شێوە ئاژەڵیش، لۆ تاقیکردنەوەی ئەوە خزمەتکارتان ماوەیەك کاتم بەدەستەوە بوو ئەو تاقیکاریی فیطڕەم لەسەر پشیلە کردووە، لە هەشتاکان، گۆشت زۆر بوو.

پشیلەیەكمان بەخێو دەكرد. تاكو دڵنیاتان بكەمەوە، خۆم بە ئەزموون هەستم كردووە ئاژەڵانیش فیطرەیان هەیە، چاك و خراپ لێك جیا دەكەنەوە. گۆشت زۆربوو و ئەو كاتی لۆ ماوەیەك ئەو پشیلەمان برسی كرد، لەبەر ئەوەی لێراهاتبوو، یان لێمانڕاهێنابوو كە خۆمان خواردنی بدەینێ، گۆشتی بدەینێ، كاتێكیش جەمی خۆی دادەهات پشیلەكە ئامادەبوو بەشە گۆشتی خۆی وەردەگرت و دەڕۆیشت، زۆرجار مەترێك یان مەترو نیوێك لە دوور دادەنیشت و دوولاقی دادەنا و دەستی بەخواردنی گۆشتەكەی دەكرد، زۆرجاریش كە دەیخوارد سمێڵی لێدەداو سوپاسی خۆی نیشان دەدا، یەك دووجار ئەوها برسی كرا، گۆشتمان دانا، بەڵام گۆشتەكەمان بەو نەدا، باوەڕتان هەبێ هەردووجار پڕی دایە گۆشتەكەو بردی و لە دوورەوە بە نهێنی خواردی، جاروباریش لە پەنایەكدا سەری بڵند دەكرد تا تەماشا بكات كەس بەدوای كەوتووە یان نا، لۆ ئەو ئاژەڵە ئەوهای كرد؟ چونكە دەیزانی بە ویستی خۆمان گۆشتەكەمان نەداوەتێ، ئەگەرچی مافی خۆیەتی، بەشەپشكی خۆیەتی، بەڵام هات و پشكی خۆی برد بەبێ رازیبوونی ئێمە، لۆیە ڕایكرد، دوور كەوتەوە و بەشە پشكی خۆی خوارد، ئەگەر لێمان دڵنیا بووایا لەبەرامبەرمان دادەنیشت، بەشەكەی خۆی وەك جاران دەخوارد، لۆیە ئاژەڵ بە ئاژەڵی خۆی بە هۆی فیطرەكەیەوە حەرام و حەڵاڵ جیا دەكاتەوە.

## ویژدان یان بەكارخستنی ئامێرەكە!

هەندێك بەرزتر بەرەوە وەرە لای مرۆڤ، مرۆڤیش هەمان شت، ئەوەیە هەڵگرانی بیروباوەڕی نائیسلامی ناڵەو پەژارەو ئازارو ئەشكەنجەیان لە ناخدا هەیە، بەناوی چەمكێك، زاراوەیەك كە ناویان ناوە ویژدان (ضمیر)، كە زۆرجار ئەگەر هەموو جار نەبێت، لە ژیانیان ئاسودە نین، لە خوار ئەوە پرەنسیپ(مبادیء) هەیە مرۆڤایەتییە، مرۆڤەكە خۆی لێراهێناوە لەسەر ئەو بنەمایەی لە پێناو ئازارەكانی كۆمەڵگە هەوڵدەدات، بەڵام لەبەر ئەوەی بەگوێرەی فیطرەی خۆی هەوڵ نادات، لۆیە ئازاری هەیە، كەواتە" خودای ڕەحمانی بەرز ئامێرێكی دیاریكراوی لە ناخی مرۆڤ دروست كردووەو ناوی ناوە فیطرە، هەموو مرۆڤێك ئەو فیطرەیەی هەیە، جا هەموو مرۆڤێك بە كافرو تاوانبار، بە داوێن پیس، بە كابرای ئیماندار، (نبي)ش، هەموو ئەو فیطرەیەیان هەیە، ئەو فیطرەیە ئامێری جیاكەرەوەیە لە نێوان باش لەگەڵ خراپ، بە زاراوەی شەرعی و قورئانی لە نێوان حەڵاڵ لەگەڵ حەرام، ئەوە جیاكارییەكەیە، هەموو مرۆڤێكیش ئەمەی تێدا مەخلوقە.

## لەبەرچی تاوانباران دان بە تاوانەكانیان دەنێن؟

ئەو فیطرەیە، ئەو ئامێرە لەناو ناخی مرۆڤدا كە سینەی هەیە، بەگوێرەی ویستی خودای ڕەحمان بەرنامەڕێژكراوە، خشتەی لێكدانی لۆ دانرایە، هەروەك چۆن چاو ڕەنگی سپی بە سپی دەبینێت، ڕەشیش بە ڕەنگی ڕەش دەبینێت، دەبێ هەموو بەشەرییەت سپی بە هەمان پلەو ڕەنگ

ببینێت، ڕەش بەهەمان پلە ببینێت، ئەو ناخەیە کە فیطرەکەیە بەو چەمکانە دروستکراوە، دروستکراوە لۆئەوەی ستەم (ظلم) بە هەموو پلەکانی هەست پێبکات، هەروەها بتوانێت ستەم لێك جیابکاتەوە، دادوەریی بەهەمان ئاست دەبێ هەموو مرۆڤێك لێکی جیابکاتەوە، واتە" ئەگەر خودی خۆی ستەمی کرد، هەست دەکات ستەمی کردووە، کە دادوەری نواند، دەزانێت دادوەربووە، کە چاکەی کرد، دەزانێت چاکەی کردووە، تاوانکارییەکی ئەنجام دا، دەزانێت تاوانێکی ئەنجام داوە، ئەوەیە ئامێرەکە لە ناخی مرۆڤدا، لۆیە تەماشای یادەوەری پیاوە گەورەکان بکەن، زۆربەی بەشەکانی یادەوەرییەکانیان باسی ئەو حاڵەتانە دەکەن کە خراپەیان کردووە، تاوانکارییان کردووە، ئەوە جگە لەوەی کە وشەیەك هەیە پێی دەگوترێت لۆمەی ویژدان، ئازاردانی دەروونی، کە کابرا دەروونی لە ئازار و ئەشکەنجە دایە، لەهەمان کاتیشدا ئەو کابرایە دەیەوێت کەسی خوێنەر ئەویش لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات، واتە" بە فیطرەکەیە لە ناخی خۆی هەست بە تاوانی خۆی دەکات، بوێریی دەداتە خۆی، کە لۆ خوێنەرانی خۆی دان بە تاوانەکانی خۆیدا بنێت، لۆئەوەی خۆی سزای خۆی بدات لە ناخی خۆی بڵێت کەسی خوێنەر لەسەر ئەو تاوانکارییە لێپێچینەوەم لەگەڵ دا دەکا، لۆ؟ چونکە بەشێك لە ناخی مرۆڤ کە مەخلوقە لە فیطرەیدا ئەوەیە پرسیار و لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێت، ئەگەر کەس نەبێ لێپرسینەوەی لەگەڵ دا بکات خۆی لێپرسینەوە لەگەڵ خۆیدا دەکات، جا بەناخی خۆی، یا بەزمان، یا بەپێنووس، لۆیە سەیرێکی زەبەڵلاحەکانی کۆن بکەن کە لەسەر گۆی زەوی لە تاوانباران بوونە، لەگەڵ مافی خودای ڕەحمان، یاخود بەندەکانی خودای ڕەحمان، یا مەخلوقاتی خودای ڕەحمانی تاوانیان کردووە، سەیر بکەن بە چ جۆرێك دان بە تاوانەکانی خۆیاندا دەنێن، ئەوە مەبەستی ئەوەیە فیطرەی خۆی تێر بکات، ئاسوودەی بکات کە بەشێك لەم فیطرەیەی کە لە ناخی مەخلوقە لێپێچینەوەکردنە لەگەڵی، خۆی ئاسوودە بکاو بڵێ بەڕاستی فلان خوێنەر خوێندییەوە، کەسی پەرتووك خوێنی من لێپێچینەوەم لەگەڵ دەکات، هیچ نەبێ دەڵێ ئۆی لە ستەمی ئەو کابرایەی چەند کابرایەکی تاوانباری نەقۆڵا بووە، کەواتە" ئامێرەکە ئەو هەموو مانایانەی تێدا هەیە، تێیدا دروستکراوە و خۆیشی هەستی پێ دەکات.

## هاوکاریی شەیتان

هەرچی دەرەوەی خۆیەتی، ئەو مرۆڤە وەکو لە پێشتر باسمان کرد، لە ناخی خۆیدا هەست بە ستەم دەکا، کە ستەمی ئەنجام دا، ئەو ستەمە لە دەرەوە، یا لە ناخی خۆیدا، یان لە دەرەوەی خۆی بەجێ دەگەیەنێت، بۆ نموونە" لە ناخی خۆی مرۆڤێك حەز بکا ئەزیەتی مرۆڤێك بدات، دەزانن ئەوە لە پەڕاوی فیطرەی خۆی دەنووسرێ، ئەگەر ویستی خێر بداتە مرۆڤێك، چاکەیەك لەگەڵ مرۆڤێکی بکا، ئەوەش هەر لە پەڕاوی فیطرەی دەنووسرێت، نیشانەی لەسەر دەکرێت، چونکە ئەو ناخەیە لۆ دەرەوەی بەکردار دەیگوازێتەوە، بە دەست، بەپێ، بەچاو، بەزمان، بەویست وخواست، لۆیە دەرەوەی مرۆڤ ئەو چەمکانەی کە لە ناخی مرۆڤدا هەیە، هەر لە بنەڕەتدا لە دەرەوەشی بوونی

هەیە، کە بیەوێت ستەم بکات لە ناخی خۆی دەیکات، پاشان لە دەرەوەی خۆی ئەنجامی دەدات، کە پەرستش ئەنجام دەدات لە بنەڕەتدا لە ناخیدا دەیکات، پاشان لە دەرەوەیدا بەجێی دەگەیەنێت.

ئەوانە هەموو ماناکانی ناوەوەو هاویەکبوونییەتی لەگەڵ دەرەوەیدا، لۆیە ئەو چەمکانە بەهۆی شەیتانەکانەوە توانای ئەوەیان هەیە لەڕێ لابدەن، خودای ڕەحمان تەنیا لۆ مرۆڤ و جن، بێجگە لە هەموو مەخلوقات پەیوەندی بە مەخلوقات نەبووە، تەنیا ئینسان و جن ئامێرێکی تریان لە دەرەوە لۆ دانراوە، کە ئەو هۆکارە دەرەکییە بێت و هاوکاریی ئامێری ژوورەوە بکات، ئامێری دەرەوە هاویەکبوونییەك لەگەڵ ئامێری ناوەوە دروست بکات، کێ ئەو ئامێرەی لە دەرەوە دروستکردووە؟ خودای ڕەحمان هەرکاتێك هاویەکبوون(تطابق)ییەك لە نێوان ئامێری دەرەوە و ناوەوە دروستبوو، خواست و ویستی خودای ڕەحمان دێتەجێ، ئامێری دەرەکیش تەنیا بۆ ڕوونکردنەوە ناومان نا ئامێر.

## ڕەوایە نەخوێندەوار لە پەیامی خودای ڕەحمان نەگات؟

لۆ هەبوونی هاویەکبوون دوو جۆر ئامێر هەیە:

**یەکەم: خودی مرۆڤەکە.**

**دووەم: مرۆڤەکە شتی لۆ هاتۆتە خوارەوە.**

ئەوەی کە لۆی هاتۆتە خوارەوە ناوی پەیام (رسالة)یە، مرۆڤەکەی شتەکەی لۆ هاتۆتە خوارەوە ناوی پەیامبەر(رسول)ە. ئەوەی لۆ مرۆڤەکە دێتە خوارەوە، ئامێرەکەو پەیامەکە هەمووی لەگەڵ ماناو چەمکەکانی ناخی مرۆڤەکە هاویەکن، ئەو مرۆڤەش کە خودای ڕەحمان پاڵاوتەو بژاردەی (إصطفاء وإجتباء) کردووە، بە هەموو مانای وشەوە نوێنەرایەتی هەموو پەیامەکەی دەکات، سەدا سەد پەیامەکە لەلای ئەو مرۆڤەی هەیە بە ناوەوەو دەرەوە، کەواتە" ناوەوەو دەرەوەی ئەو مرۆڤەی کە ناوی رەسولە نوێنەرایەتی تەواوی پەیامەکەی دەکات، تا ئەگەر هاتوو مرۆڤەکە نەیتوانی ناخی خۆی بخوێنێتەوە، یاخود هەر بەربەستێك هەبوو و بووە ڕێگر کە نەتوانێت ناخی خۆی بخوێنێتەوە، ئەوا لێرەدا بتوانێت دەرەوەی خۆی بە هۆی هەردوو شت بخوێنێتەوە..

**یەکەم" پەیامەکە.**

**دووەم" بەهۆی پەیامبەرەکە.**

ئەگەر هاتوو نووسین و خوێندنەوەشی نەبوو پەیامەکەی بخوێنێتەوە، ئەوا دەتوانێت پەیامبەرەکەی بخوێنێتەوە، بەچی؟ بەکردارو هەڵس و کەوت و ڕەفتاری پەیامبەرەکەی، کەواتە" هەردوولا هەم پەیامەکەو هەم پەیامبەرەکە هاویەکن لەگەڵ دراوەکان (معطیات) و ئەوەی لە ناخی مرۆڤەکەدا هەیە.

## مرۆڤ چۆن بزانێ ئیمانی بنیاتناوە؟

هەرکاتێك مرۆڤەکە توانی هاویەکبوون لە نێوان ناخی خۆیی و دەرەوەی خۆی دروست بکات، کە پەیامەکەو پەیامبەرەکەیە، ئەوکاتە ویست وخواستی خودای ڕەحمان بە سەدا سەد لە خودی مرۆڤەکە دێتە بوون. ویستی خودای ڕەحمان بە فەرمانی بکە (اِفعل)، نوێژ بکە، ڕۆژوو بگرە، چاکە بکە، زەکات بدە، یاخود (لا تفعل) مەکە، پیاو مەکوژە، درۆی مەکە، ستەم مەکە، دزی مەکە، قسەی پاش ملە مەکە، بوختان مەکە، نەزەر مەکە، بە (لا تفعل). ئەوانە هەمووی دێنە بوون، کە ئەوانە بە هاویەکبوونی هاتنەبوون، ئەوکات ئەو مرۆڤە لە یەکەمین سات، کە ئەو حاڵەتەی لێ هاتەدی، ئەوا ئیمانی بە دەستهێناوە، تەنیا ئەوە دەمێنێت هێدی هێدی گەشە بکات لۆ ئەو ئاستەی کە خودای ڕەحمان لێی ڕازی دەبێ، ئەویش ئاستێکە دێتە دونیای بوون، مرۆڤ بە کۆششێکی زۆرکەم و دیاریکراو لەگەڵ خۆی کار بکات دەگاتە ئەم ئاستەی ڕازیبوون (رضوان)، رضوان الله.

ئەم هاویەکبوونەی ناخی لەگەڵ دەرەوەیدا ئیشکردنی پێویستە، گوتمان بە فیطرە هەر لە ئەمییاوە، تاکو ڕووەك وئاژەڵ، تەنانەت مرۆڤەکە بەشێوەیەکی ماددی بەفیطرە هەست دەکات ئەوە چاکەو ئەویان خراپە، مرۆڤ هەست دەکات، تەنانەت ئاژەڵیش وەك مانا هەست دەکات ئەوە چاکە ئەویان خراپە.

## ئەگەر قەدەغەکراوێك خۆشەویست بوو سوودی چییە؟

بێگومان ژمارەیەك ئایەت و فەرمووده دەربارەی ئەو بابەتانە هەن، ئەوانە هەمووی ناونیشان کراوە، بۆ نموونە" لە بوخاری فەرموودە هەیە پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) لەگەڵ دەستەی (الذین امنوا معه الله) لە شوێنێك لە ڕووداوێکدا باڵندەیەك هات و گلەیی حاڵی خۆی لە هاوەڵێك لە لای پێغەمبەر کرد، کەواتە" باڵندە بە فیطرەی خۆی (الا أمم أمثالکم٠٠٠) هەست بەمە دەکات کە ستەمی لێکراوە.

لە بوخاری هەیە رسول الله(علیه السلام و البرکات) مینبەری هەبوو، ڕۆژی هەینی سەردەکەوتە سەر مینبەر، مینبەرەکەشی لە دار خورما دروستکرابوو، هاوەڵێك پێشنیاری کرد و گووتی: یا رسول الله ئەم مینبەرە لە بەڕێزتان ناوەشێتەوە، هاوشانی تۆ نییە، مینبەرێکی جوانت لۆ لە دار دروست دەکەم، کە پەیژەی مینبەرەکەی لۆ پێغەمبەری(علیه السلام و البرکات) دروستکردو پاشان لەناو مزگەوتی پیرۆزی پێغەمبەری(علیه السلام و البرکات) داینا، لەمەودوا پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) نەدەچووە سەر دارخورمایەکە تا لەسەری بوەستێت، لە وتاری یەکەم دا لەبەر ناڵە ناڵ و دەنگی دارخورماکە ژاوەژاو دروستبوو، ئیتر پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) نەیتوانی لە وتاردانەکەی بەردەوام بێت، بە هۆی

دەنگی دارخورماکەوە پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) دابەزی و چوو دەستی موبارەکی لەسەر دار خورمایەکەی دانا لۆئەوەی رازی بکات، قەناعەتی پێ بێنێت و فەرمووی: ئەگەر ئەو کارەم نەکردبا هەتا ڕۆژی دوایی دراخورماکە ناڵە ناڵی دەکرد، ئەمە ڕووەکە و ئێمەش ئیمانمان هەیە، بەوەی ئەو دارەش فیطرەی هەیە.

لە بنچینەدا فیطرەکە هەیە، مرۆڤەکە ئیشێکی دیاریکراو دەکا بەمە فیطرەکە وەکو ئامێرێکی کارگە و ماددەی سەرەتایی لۆ شتێکی تر ئاڵوگۆڕ دەکات، لێرەوە حاڵەتێك دێتە بەرهەم کە لە قورئاندا بە ئیمان ناونراوە، هەر لەبەر ئەمەشە تاکو ئەم حاڵەتە لەناخی مرۆڤەکە دروست نەبووبێ فەرمایشتەکانی لێ داوانەکراوە، قەدەغەلێکراوەکانیشی لێ قەدەغە نەکراوە، بەڵگەی ئەمەش لە قورئاندا هەر لەسەرەتای سوڕەتی فاتیحەوە هەتا (قل أعوذ برب الناس) ئەگەر سەیری بکەن، بە هیچ مرۆڤێك نەگوتراوە ئەوها بکە تەنیا ئەگەر بناغەی ئیمانی تێدا هەبووبێ، هیچ کاتێکیش نەگوتراوە ئەوها مەکە، تەنیا ئەگەر لە بناغەدا ئیمانی تێدا هەبووبێ، چونکە ئەگەر پێی گوترا ئەوها بکەو لە بنەڕەتدا ئیمانی تێدا نەبووبێ، حاڵەتەکە فیطرەییە و قبوڵکراو نییە، ئەگەر پێی گوترا ئەوها مەکە دیسان لە بنەڕەتدا ئیمان لە ناخی نەبوو، ئەوکات لە ڕواڵەتدا نایکات، بەڵام لە ناخیدا کارەکەی خۆش دەوێ، ئەگەر ناخی قەدەغەکراوەکەی خۆش بوێت ئەوا دەستهەڵگرتن نییە لە قەدەغەلێکراوەکان.

ئیمان ئەوەیە چۆن لە ناوەوە رقی لە حاڵەتەکە بۆ دروست بێت، ئەمە ئەگەر شتەکە لێی قەغەکراو بێت، بۆ نمونە" مرۆڤێك ئاڵوودەی مەی خواردنەوە بوو بێت، بەم ئاڵوودە بوونەوە کە دێتە نێو بازنەی ئیمان دەبێ ئەوکاتە دەستی لێ هەڵبگرێت، چونکە لێی قەدەغەکراوە (إنما الخمر والمیسر ...فاجتنبوه)(المائدة۹۰)، بەڵام ئەگەر حاڵەتی ئیمان لە ناخی بنیات نەنرابێت؟ ئەوا لەوانەیە ئەگەر کەسەکە بە پێش باڕێکدا گوزەر بکات ئارەزووی لۆ (مەی)یەکە بچێت، کاتێ دەبینێ پێکی مەی بە ڕازاوەیی دانراوەو مارکەی جوانی لەسەرەوە... تد. لەوانەیە مەیلی لۆ بچێ تەنانەت ئەگەر بزانێ ئەو مەیلە حەرامە، ئەگەر ئیمان هەبێ مەیلی بەلایدا ناچێ، ئیمان لە ناوەوەیدا بوونی هەبێ مەیلی لۆ ناچێ.

## داڕشتەکانی ئیمان

ئەگەر ئەو حاڵەتە لە ناخی مرۆڤەکەدا بوونی هەبوو، ئەوا ئیمانی ڕاستەقینەیە، ئەگەرنا ئەو ئیمانە لە بەرزبوون و بیناکردن دایە، یاخود لە باری بەخۆداچوونەوە دایە، حاڵەتێکی نەخۆشی هەیە، ئەوکاتە خودای ڕەحمان ئیمانی ئەوکەسە دەخاتە خانەی رەچاوکردنەوە، کە بەکردەیی بتوانێت فەرمایشتەکان بەجێ بگەیەنێت، بەبێ ئەوەی زۆر لە خۆی بکات، بەبێ ئەوەی هەست بە شەرم بکات کە هەڵدەستێ لۆ نوێژکردن، نەك نوێژەکەی لە کۆڵ خۆی بکاتەوە، نەخێر، حەزو ئارەزوو و هێمنی و ئارامبوونەوە، تامەزرۆیی و دڵنیایی لەنێو نوێژ دروست دەبێت، چۆن پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) بە

بیلالی دەفەرموو: (أرحنا بها یا بلال)، (أرحنا بها)، ئارامامان بکەوە، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو حاڵەتە نەبوو، دەبێ کەسەکە بەخۆداچوونەوە بکات، لۆیە کە فەرمایشتەکان بە ناخی مرۆڤەوە بەجێ دەگەیەنرێت، دەبێ لە بنەڕەتدا ئیمان هەبێ، ئەگەرنا فیطرەیە، کاتێك قەدەغەکراوەکانیش قەدەغە دەکرێن، دەبێ بەهەمان شێوە لەبنەڕەتدا ئیمان لە ناخی مرۆڤەکەیدا هەبێ، ئەوە بنەمای قورئانە، لۆیە لە (٨٧٠) شوێن خودای ڕەحمان باسی ئیمان و داڕشتەکانی (المشتقات)ی ئیمانی لە قورئاندا بەو جۆرە باسکردیە، ئیمانەکە بنچینەکەیە پاڵ بە مرۆڤەکەوە دەنێت لۆ چاکە، واتە" دینەمۆکەیەتی، لەهەمان کاتیشدا پەرژینە، پردە لەبەردەم خراپەکردن، ئەگەر هاتوو ئەم ئیمانە جۆرایەتییە نەبوو، ئەوا ئیشەکەی بەجێ دەگەیەنێت بەڵام ئاساییە، چونکە فیطرەیە، لە حەرامەکانیش خۆی قەدەغە دەکات، بەڵام هەم دیسان ئەویش فیطرەیە، هیچ بایەخێکی لۆ نییە، وەك چۆن لۆ نمونە" ئێستا ئێمە لامان کارێکی ژیرانە نییە بچینە ناوبازاڕ، بەڵام ئەگەر ئیمانمان لە ئاستێکی بەرزدا بێ ئیمانمان ڕێمان لێ دەگرێ کە ناچینە ناو بازاڕ، نەك وەك ترس و نەریتێك لۆمان جوان نییە بگوترێت کوڕی فلانی، یان فلانە کەسایەتی چۆتە ناوبازاڕ، فلانە هاوڕێ بتبینێ، یان لەسەر شەقامەکە لەوانەیە بەلای سینەماش دا تێپەڕین، لەوکاتەدا لەوبەری سینەماکە ڕێ بکەین، واتە" بەلای بەرامبەری بڕۆین نەك بە پێشی، نەوەك خەڵکی بمانبینن، ئەوانە هەمووی فیطرەیە، بەڵام ئەگەر ئیمان بێت یەکسەر هەر لەدوورەوە لە ژوورەوەی خۆی هەست بە داگیرسانی گڵۆپی سوور دەکا، خۆی لێ بەدوور دەگرێت ئەوەیە حاڵەتی ئیمان. ئەو خاڵانەی پێشەوە باسی پێش دەستپێیەکانە لۆ دانانی بایەخێك لۆ ئیمان، کەواتە" ئەمە هەمووی پێشەکی بوون.

## قۆناغەکانی ئیمان

قۆناغەکانی دوای ئەو خاڵانە لۆ چەند بەشێك پۆلێن دەکرێن، ئەوانیش:

**یەکەم:** چۆن ئەو ئیمانە دروست دەکرێ؟ یاخود ڕاستتر چۆن زیندوو دەکرێتەوە؟ لە وانەکانی ڕابردوودا گوتمان ئامرازێك کە لە ناخی مرۆڤەکەدا هەیە ئەویش فیطرەیە، لە بنەڕەتدا ئەو هەستانەی تێدا دانرابێت، کەواتە" دەبێ ئامرازیش هەبێ کە ئەو فیطرەیە بگۆڕێت لۆ ئیمان، کە خودای ڕەحمان لە قورئاندا بەر لە ئیمان بنیتنانەوە ئەو فیطرەیەی ناوناوە بە (فؤاد)، واتە" ئەو ئامێرەی باسمان کرد پێش بوونی بە فیطرە بە مێشك (فؤاد)ناوبراوە. واتە" هەرکاتێك ئەو فؤادە بە هۆی ئامرازەکەوە ئیشی لەسەرکرا دەبێتە فیطرە، ئینجا شتی تری لێ دەردەچێت لەوانە: (عەقل، عیلم، ذیکر)، کە لە ناخی مرۆڤدا.

لێرەدا فیطرە ئاڵوگۆڕ دەبێ لۆ فؤاد، لۆ فیکر، لۆ ذیکر، لۆ ... تد، ئەمانە هەمووی قۆناغەکانی ئیمانن، ئەمە خاڵی یەکەم.

لە قۆناغی دووەم و بابەتی دووەمدا، کە ئامرازەکانی دروستکردنی ئەو ئیمانە ئەویش بەشێوازێکی تر ئەوەیە: بیستن و بینین (سمع و بصر) ئامرازن لۆ ئالۆگۆڕکردنی فیطرە لۆ فؤاد، سمع و بصر نەك گوێ و چاو (الأذن و العین)، چاو و گوێ جیاوازە، سمع لەگەڵ بصر وەك ئەوەی لە پاش چاوو گوێ دا ئامێرێکی تر هەیە ئیش بکات، چاو دەبینێت و گوێش دەبیستێت، بەڵام هەرکە تۆ ویستت بوو لەسەر بەکارخستنی جۆری ئەو چاو و گوێیە، ئەو کاتی زاڵ بوویت بەسەری لۆ ئالۆگۆڕکردنی فیطرە لۆ فؤاد.

لە کۆلێژی ئەندازەی هەولێر، بەشی ئەندازەی بیناسازیی، ئەندازەی شارستانی (الهندسة المدنیة) ئەندازەی کارەبا هەیە. لە شوێنی دیکە ئەندازەی دیکۆر هەیە، ئەندازەی جوانی هەیە، ئەندازەی بیناسازی کە خانوو و دوکانی چەند نهۆمیی و ئەو شتانە دروست دەکا، بەڵام بە چی دروستی دەکات؟ نەخشەکەی بۆ دادەنێت، ئەمەش تایبەتمەندی ئەندازیاری بیناسازییە.

ئەندازەی شارستانی بەهەمان شێوە ئەندازیارە، بەڵام ئەویان دێت سەیری بینایەکە دەکات ئەو کاتی دەخەملێنێت ئایا ئەو بینایە چەند شیشی پێویستە؟ چەند خۆڵی پێویستە؟ چەند چیمەنتۆی پێویستە؟ ئەوەش ئیشی ئەندازیاری مەدەنییە.

هەرچی ئەندازیاری دیکۆرە دێت ڕووکاری بیناکە دروست دەکات، ئینجا شێوازەکەی بەم جۆرە بێت، لە فڵانە شوێن هاتنە دەرێی هەبێت، لەولاوە چەمانەوەی هەبێت، ئەوەش ئەندازیاری دیکۆر دەیکات، ئەندازیاری جوانی دێت سەیری ڕەنگەکان دەکات، گونجاندنی ئەم دیکۆرە لەگەڵ ڕەنگەکان.

لۆ نموونە" ڕەنگی تبنی بێت، ئەوە ڕەنگی فستقی بێت. ئەوانە هەمووی یەك ئیش دەکەن، هەموویان ناویان ئەندازیارە، ئەگەر هاوڕێیە بیناسازییەکەمان هێنا گوتمان سەیرێکی ئەو بابەتەمان لۆ بکە، ئەو بە چاوی پێوانەکاری سەیری بابەت دەکات، بەو چاوەی کە خۆی ئەندازیاری بیناسازییەو بەو چاوەش سەیری دەکات نەك بە چاوی ئەندازیاری شارستانی، ئەمە روون و ئاشکرایە، بەچاوی ئەندازیاری بیناسازی سەیری زەوییەکە دەکات و دەڵێ ئەو زەوییە دەبێ بەم شێوەیە بیناکەی لێ بکرێت، ئەوەش نەخشەکەیەتی، پەیوەندی بەوە نییە کەوا دواتر ڕەنگی باڵەخانەکە چۆن دەبێت، یاخود دیکۆرو هاتنەپێشی باڵەخانەکە چۆن دەبێت، کەواتە" چاوی ئەو جۆرە چاوێکە کە تەماشای دەکا وەکو چاوی ئەندازیاری شارستانی نییە، کە ئەندازیاری شارستانی دەهێنین و دەڵێین دەمانەوێت لێرە باڵەخانەیەك دروست بکەین، ئیشی تۆ چییە؟ ئەویش بە چاوی خۆی سەیری دەکات و لەگەڵ زانستی خۆی هاویەکبوونێکیان پێ ئەنجام دەدات و دەڵێ: ئەوکارە ئەوەندە (طن) شیشەی پێویستەو ئەوەندە (طن) چیمەنتۆیەی پێویستە، ئەو پەیوەندی بەوە نییە کە ئەندازیاری بیناسازی چۆن بناغەکەی لێدەدات، تەنها سەیری نەخشەکەی دەکات و پەیوەندی بەوە نییە دەرگاکە لێرە بێت یاخو لەولاوە بێت، نەخێر قسەی ئەو لەسەر ئەوە نییە، تایبەتمەندی ئەو نییە، ئەو بە چی خەمڵاندی کەوا ئەوەندە تۆن چیمەنتۆو شیشەی پێویستە؟ کەچی هەردووکیان ئەندازیار بوون، یەکێکی تر کە داوای

لێ دەکەین تۆ دیکۆرمان لۆ دروست بکە، باڵەخانەیەکی گەورە نابێ لووس بێت! ئەندازیاری بیناسازی تەنیا نەخشەکەی لۆ دادەنێت و بەرزی دەکاتەوە، ئەندازیاری شارستانییەکەش شیش و چیمەنتۆیەکەی دانا، ئەندازیاری دیکۆر دێ سەیری دەکاو دەڵێ: لەبەر ئەوەی باڵەخانەکانی دەوروبەری بەم جۆرەن دیکۆرەکەی دەبێ بەم جۆرە بێت، بۆ نموونە" لە شاری بەغدا بینای کۆلێژی پۆلیس ئەگەر لە دوورەوە سەیر بکرێت ئەوا بیناکە وەك شەبقەیەك دێتە بەرچاو، کابرای ئەندازیار کاتی خۆی کە پێی گوتراوە دیکۆری ئەو بینایە دابنێ، لەهەمان کاتیش پێی گوتراوە کەوا ئەوە کۆلێژی پۆلیسە، لۆیە بیناکەی لە شێوەی شەبقەیەك دروستکردووە، ئەگەر لەلای وەك ناونراوە بە (نصب الشهيد) سەیری کۆلێژی پۆلیس بکرێت لەشێوەی وێنەی شەبقەیەکی پۆلیس دەردەکەوێت، بەجۆرێك وەك کاسکێتێکی لەسەر سەردابێت وابێت، لەبەرچی هەموو بیناکە بەم شێوەیە وێنە کێشراوە؟ چونکە ئەندازیارەکە وەك پیشەکەی کە ئەو بینایەی لۆ کۆلێژی پۆلیس دروست دەکرێ، پۆلیسیش ئەمە شێوەیەتی، لە شێوەی سەری پۆلیس بیناکە دروست دەکات.

## تێڕوانینی جیاواز

لەلایەکی تریش ئەگەر بچنە بەغدا شەقامی عومەر، لەوێ تەماشای بینایەی ئەمانە عامەی بکەن، کە پەیوەندی خانوو و ئەمانەی ماڵەکان بەم شتانەوە هەیە، بینایەی ئەمانە عامەکە، کە ئەندازیارەکەی ئا بەو جۆرەی دیکۆری لۆ دیزاین کردووە، (أمانة عامة)ی شاری بەغدا بیناکەی ئا بەو جۆرە دروستکراوە، کە ئەندازەیەکی زۆر ڕێکوپێك کە بەڕاستی ئەمانەتی تێدا هەبێ، کابرای ئەندیازیاری دیکۆرەکە زیرەك بووە، خواستی شتەکەی لەگەڵ شێوەی شتەکەی هاویەکبوون (تطابق)ێکی لۆ کردووە.

کەواتە" ئەندازیاری دیکۆر چاوی تایبەتی خۆی هەیە، کە دێت سەیری بابەتەکەی دەکات بە چاوی خۆی تەماشای دەکات، نەك بە چاوی ئەندازیاری بیناسازی، ئەندازیاری شارستانی، ئەندازیاری ڕەنگیش، جوانی هەمان شتە دێت و ئەو بینایە ڕەنگە بەم جۆرە بێت، بۆ نمونە" بینایەی کۆلێژی پۆلیس شەبقەکەی سەری لای پێشەوەی سەوزە، چونکە لە سەردەمی (عبدالكريم قاسم) نەخشەکە دانراوە، شەبقەی پۆلیس سەوز بووە، کاسکێتەکەی پێشی سەوزەو بەم ڕەنگەش ڕەنگکراوە، ئەوەی تری کە هەروەك دەموچاوێکە، برۆیەکە، سمێڵێکە، بەشەکانی بەم جۆرەیە، واتە" تەنانەت ڕەنگەکەشی بەو جۆرەیە، کەواتە" ئەندازیاری ڕەنگکاری جوانیی بەو چاوەی سەیری بابەت دەکات، لەمەوە ڕوون دەبێتەوە چاو تایبەتمەندکاری هەیە، لۆیە لەناو ئێمەی گەنجدا حاڵەتێك هەیە، لۆ نمونە" کە برادەرێکی شەقام لێی بپرسیت ئەوڕۆ چەند وێنەت بینیوە؟ گەنج بێ، هەرزەکار بێ و پەیوەندی بە ئاییندارێش نەبێت، هەڵبەتە زۆر وێنەی بینیوە، بە دەیەها سوپەری بینیوە، بە دەیەها لۆری، بە سەدان مرۆڤی بینیوە، پێی بڵێ وێنەی ئەوانە هەمووی لە مێشکت چاپ بووە؟ دەڵێ نەخێر. لێی بپرسە وێنەی کێ لە مێشکت چاپ بووە؟ دەڵێ واللە وێنەی فلانە سفور لە فلان جێگە! لۆ؟

چونكە بەو چاوە سەیری ئەو حاڵەتانە دەكات، ئەو هەموو سوپەرانە لەلای ئەودا گرنگ نییە، بەڵكو حاڵەتێكی ئاساییەو دەڕوات، ئەو هەموو باڵەخانەیە، ئەو هەموو مرۆڤە دێن و دەچن گوێی لێ نییە، بەڵام چونكە ئەو لە ناخی ئەوها هەست دەكات پێویستییەكی زایندەیی سێكسی هەیە لەبەر ئەوە هەركە سەیری مرۆڤەكە دەكات یەكسەر چاوەكانی وەكو موگناتیس دەكەوێتە سەر ئەو سفورە، باوەڕبكەن لە مێشكیشی چاپ دەبێ، چاپ و شوشتنەوەی یەك دەبێت، تایبەتمەندكاری لەو لایەنەوە هەیە، ئەگەر دەتانەوێ خۆتان بپرسن، هەمان شت بۆ گوێ، گوێ كە دەبێتە سەمع، وەك دەزانن سروشتی مرۆڤ ئاوایە حەز بە دەنگ دەكات، دەنگ. لۆ نمونە" فلان برادەر حەزی لە دەنگی مەنشاوییە، برادەرێكی تر حەزی لە دەنگی (عبدالباسط)ە، ئاوازەكە لە گەڵ ناخی ئەودا لێكنزیكییەكی هەیە، هەمان شتە بە گوێرەی دەرەوەی بازنەی موسڵمانان لۆ دەنگ.

لۆ نمونە" فلان برادەر حەزی لە دەنگی ئوم كەلثومە، كەسی تر هەیە حەزی لە دەنگی حەسەن زیرەكە، لۆ؟ كە دەنگەكەی دێتە ناو گوێیەكانی لە ناخی شتێك دەست بە ئیشكردن دەكات، ئەوكاتە ئەوە دەبێتە بیستن (سمع)، لە گوێچكە لۆ سمع ئاودیو دەبێ.

هاوڕێكەمان كە هات بە چاوی بیناسازیی سەیری شتەكەی كرد لە (عین) دەبێتە (بصر)، هاوڕێكەی تری ئەندازیاری شارستانیمان كە سەیری شتەكەی كرد بەو چاوەی ئەوەندە چیمەنتۆ و ئەوەندە شیشەی ویست، بەڵام بە چاوی ئاسایی یەكسەر بیرو هۆشی خۆی بەكارهێنا، بووە (بصر)، لەولاوەش برادەرەكەی سەر شەقام بەچاو سەیری سفورەكەی كرد، بەڵام لێی بووە (بصر).

## گۆڕانكاریی بە دوو ئامێر دەكرێت

ئەوانە ڕوونكردنەوە بوون، گوێش بەهەمان شێوە، ئەوەیە خودای ڕەحمان دەیەوێت مرۆڤەكە كەمێك لەسەر گوێ و چاوی ئیش بكات، لۆ ئەوەی (سمع و بصر) دروست ببێت، هەركاتێكیش (سمع و بصر) دروست بوو یەكسەر بلاجیكتۆری لۆ دروست دەكا، تا ئەو (سمع و بصر)ە لۆ فلان شت ئاڕاستە بكرێت، وەكو سەتتەلایت، كاتێك ئاڕاستەی كراو ئیشی لەسەر كرد، فؤادی دەست بە ئیشكردن دەكات لۆ فطرە، ئەوەش شتێكی زۆر ئاسان و سادەیە، مرۆڤ لەماوەی چەند كاتژمێرێكدا دەتوانێت فؤادی خۆی لۆ (فیطرە) بگۆڕێت كەواتە" (سمع و بصر) دوو ئامێرن لە ناخی مرۆڤدا هەن كە مرۆڤ ویست و خواستی ئەوەی بوو ئیشی لەسەر بكا، توانی ئیشی لەسەر بكات، ئەو كاتی فؤادی خۆی دەگۆڕێت لۆ (فیطرە)، ئەوكاتیش زەمینەی ئیمانی دامەزراند فوئادە.

## ئومێدێكی مەزن

ئەگەر خودای ڕەحمان پشتیوان بێت و ئێوەش لەگەڵ داواكەی سەرەتای وانەكەمدا هاوڕابن، هەروەها بەیەكەوە ڕێبكەین، ئەوا وانەی داهاتوو شێوازی گۆڕینی (سمع و بصر)، لۆ فؤاد بەشێوازی قورئانیی و لەڕێی (سمع و بصر)، باس دەكەین، ئەگەر ئێوەش بە كردەیی بە بیرو هۆش لەگەڵم بن، ئەوا بە پشتیوانی خودای ڕەحمان بە ماوەیەكی كەم دەستەیەك لە ئیماندارانی وەكو سەردەمی پێغەمبەر (علیه السلام و البركات) دروست دەبێ.

من گرەنتیتان دەدەمێ و دڵنیاتان دەكەمەوە دەستەیەك دروست ببێ وەكو دەستەی هاوەڵانی سەردەمی پێغەمبەر (علیه السلام و البركات)، ئەوەندەی پێویستە ئەوەیە بە كردەیی ویست و ئامادەیی هەبێت لە ناخی مرۆڤ لۆ ئەوەی بەڕاستی ئەو حاڵەتانە هێدی هێدی بتوانێت بگۆڕێت، نموونەی وانەی ڕابردوو كە باسمان كردو گوتمان: مرۆڤ لە پۆلی یەكەمی سەرەتایی كە وەردەگیرێت مانای پیت، دەنگ، فۆنەتیكی پیتەكان فێردەكرێت، دەبێ تەمەنێكی دیاریكراوی هەبێت، واتە" ئامادەگی تێدا هەبێ، ئەگەر ئەو ئامادەگییە جۆرایەتییەمان تێدا هەبێت باوەڕبكەن دەتوانین پۆلێك ئیمانداری جۆرایەتی دروست بكەین، ئەو ئیماندارە لەسەر بوون و لەسەر گۆی زەوی ئەو گەنجە گوناە نەكا، بیەوێت گوناە بكات گوناهی پێ نەكرێت، نەتوانێت ئەنجامی بدات، بگاتە ئەو ئاستەی هاوەڵایەتییەكی جۆرایەتی (ولایة نوعیة) لە نێوان خۆی و نێوان فریشتەكان دروست بیت، بەریەككەوتنێك، بەریەككەوتنێكی ئەرێنی، پەیوەندی دۆستانە، هاوڕێیەتی، هاوەڵی لەگەڵ فریشتە دروست ببێت، هەستی پێبكا، كۆمەڵێك كاروبار، كاروباری خۆی، هی مرۆییانەی، ئیمانییانە، بخاتە بەردەستی فریشتەكان، هەندێك جاریش لۆ ی ئەنجام بدەن، یەك لەوانە بۆ نمونە" شەو ئەركە دەبێت، هەڵسێت فریشتەی تایبەتی بێت و بەئاگای بكاتەوە، چونكە لە صەحیحی بوخاری هەیە فریشتەی تایبەت هەیە ئەگەر خودای ڕەحمان داواكاریی و ویستی لە مرۆڤ بینی فریشتەی بۆ دیار دەكات هەر ئیشی ئەوەیە تاكو بێت ئیماندار بە ئاگا بێنێتەوە، ئەو ئاستانە دروست ببێت، بەڵام بە مەرجی دڵسۆزیی و ڕاستگۆیی لە ژورەوە، بەبێ دیكۆرات، بەبێ گرێ، بەبێ پێشەكی، ویستی تەواوی سەدا سەد لۆ خودای ڕەحمان.

تكا دەكەم لە باری تەعالا ئەو حاڵەتەی كە لە ئێوەی داوا دەكەم لەمنیش دروست ببێت بە پشتیوانی خودای ڕەحمان پاشان لە ئێوەش.

خودای ڕەحمانیش بەهۆی پاكی و بێگەردی ئەم دەستەی ئیماندارانە بە شایستەو خاوەنمان ببینێ، لە ڕێی ئێمەوە ویستەكانی دواڕۆژی هەموو لایەك بێتەدی.